**كــــۆمـــــاری عــــێراق**
**هەرێمی كوردستان**
**سەرۆك**

# بــــڕیــــار
## ژمارە ( ١٩ ) ساڵی ٢٠١١

بە پێی دەسەڵاتمان كە لە ماددەی دەهەم / یەكەم /٢/ دا لە یاسای سەرۆكایەتی هــەرێمی كوردســتان – عێــراق ی هەمواركراودا دیاری كراوە بڕیارماندا بە ڕەتكردنەوەی یاسای پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان – عێــراق ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١١ لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١. بواری پاسەوانی بەرپرسان لە چوارچێوەی بەرنامەی چاكسازیدا رێكدەخرێتەوە بە شێوەیەكی سەردەمیانەی نوێ . بێگومان ئەمە ئەندامانی پەرلەمانیش دەگرێتەوە .

٢. بواری مۆڵەتی حیازەی چەك و هەڵگرتنی بە بڕیاری ژمارە (٤٣) ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستان بە باشی رێكخراوە و چارەسەر كراوە .

٣. لە زۆربەی زۆری جیهاندا سستەمی پاسەوانی بەرپرسان لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێكارییەوە رێكدەخرێت لە سەر بناغەی رێنمایی نەك بە یاسا .

٤. بە جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە دوو سستەمی جیاوازی پاسەوانیی لە هەرێمی كوردستاندا دروست دەبێت .

**یەكەم :** سستەمی دەسەڵاتی جێبەجێكاری لە سەر بناغەی رێنمایی .
**دووەم :** سستەمی پەرلەمانی لە سەر بناغەی یاسا .

٥. یاساكە مافی یەكسانی نەداوەتە تێكڕای ئەندامانی خولی سێیەم و دووەم و یەكەمی پەرلــەمانی كوردســتان . مافی داوەتە ئەندامانی خولی سێیەم دوای تەواو بوونی ئەندامێتیان دوو پاسەوانیان لەگەڵ خۆیان بهێڵنەوە بەڵام بۆ ئەندامانی خولی دووەم و یەكەم تەنها یەك پاسەوانیان دیاری كردوە .

٦. ئەم یاسایە قورسایەكی بێ پاساو دەخاتە سەر بووجەی هەرێمی كوردســتان . بــۆ نموونــە ، خــەرجی پاســەوانی ئەندامی پەرلەمان بۆ یەك ساڵ دەكاتە نزیكەی ٣ ملیار و ٤٣٢ ملیــون دینــار ، لــە كاتێكــدا دەكرێــت ئــەو پاسەوانانە لە كاری سودبەخشدا دابمەزرێن و ئەو پارەیەش بۆ پرۆژەی كۆمەڵایەتی بە گەڕبخرێت .

٧. زیادکردنی پاسەوان و پڕچەك کردنیان لەم قۆناغەدا ، کە قۆناغی بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنییە ، لەگەل باری ئارام و سەقامگیری هەرێمی کوردستاندا ناگونجێت .

٨. لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ، کۆمەڵگەی کوردستانیش ، بە شـێوەی جۆراوجـۆر ، ئـەم یاسـایە رەتدەکاتـەوە . تەنانــەت پەرلــەمان خۆشــی پاســاوی بــۆ ئــەم یاســایە نییــە . بۆیــە بــە شــێوەیەکی نائاســایی ، بــەبێ (هۆی دەرچواندن) (الاسباب الموجبة) هێشتوویەتییەوە .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هـــەولـــێر :**

**١٨ / ٧ / ٢٠١١**